وادەی تیروپشکی ژمارەی کاندیدەکانی هەڵبژاردن راگەیەندرا



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕاویکردەوە، لە بڕواری ٩ـی مانگی داهاتوودا تیروپشک دەکرێت بۆ ژمارەی کاندید و هاوپەیمانی و حزبەکان بۆ بەشداری لە پەرلەمانی عێراق.

ئەمە دووشەممە ٢٨ی تەمموزی ٢٠٢٥، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بڕیاردرا ٩ـی ئاب تیروپشک بۆ ژمارەی کاندید و هاوپەیمانی و حزبەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکرێت.

ئەمەش لەکاتێکدایە، بڕیارە ١١ـی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، لە ٨ـی تشرینی یەکەمەوە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەو مەبەستە دەستپێدەکات.